www.kurdistannet.org
06/07/2003 22:07

# توركیا دەیەوێ پارێزگاری کەرکوك بکوژێ

د. جەبار قادر

رۆژی هەینی ٤-٧-٢٠٠٣ لە کاتژمێری دوی دوای نیوەرۆدا نزیکەی سەد سەربازی ئەمریکی چونە سەر بیرۆی (تیمی تایبەتی تورك لە شاری سلێمانی !!!!!) و سێ ئەفسەر و هەشت سەربازی تورك کە لە بیرۆکەدا بوون دەستگیر کران و گوێزرانەوە بۆ کەرکوك و لە بارەگایەکی سەربازی ئەمریکیدا لە زیندان قایم کران بە تۆمەتی پیلان دانان و هەوڵدان بۆ کوشتنی پارێزگاری کەرکوك. هەواڵە سەرتاییەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەفسەران و سەربازانی تورك لە بەرامبەر زانیاری و بەڵگەکانی ئەمریکییەکاندا ناچار بونە دان بە پیلان و هەوڵەکانیاندا بنەن بۆ لە نێوبردنی پارێزگاری کوردی کەرکوك و نانەوەی بشێوی و ئاڵۆزی لە نێو دانیشتوانی شارەکەدا. هەر لەبەر ئەوەشە کاربەدەستانی تورك لە سەرەك وەزیرانەوە بگرە هەتا دەکاتە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و وەزارەتی دەرەوە کەوتونەتە خۆیان و لە لایەکەو لە تێکەڵی بەردەوامدان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا و لە لایەکی ترەوە بە توندی ئەو هێرشەی سەربازانی ئەمریکا تاوانبار دەکەن و بە مەترسی دادەنێن لە سەر سیاسەتی دۆستاسیەتی و هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو وڵات و داوای دەسبەجێ ئازادکردنی سەربازانی تورك دەکەن.

هەواڵەکانی باسی پێکهاتەی ئەو بیرۆیە واتە بیرۆی تیمی تایبتی تورك لە سلێمانی دەکەن کە بێجگە لە ژنێکی تورکمان، کە چێشتی بۆ تورکەکان ئامادە کردووە، دوو کوردی خزمەتکاری تایبەتی!! سەربازانی تورك و سێ (پێشمەرگە!!) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پاراستنی پیاوکوژانی تورك لە کاتی هەڵمەتەکەی سەربازانی ئەمریکادا بۆ سەر ئەو بارەگا جاسوسیە لەوێ بونە.

هەڵس و کەوتی کاربەدستانی تورك و لە دەستدانی زمانی دیبلۆماسی و ورەیان تەنها ئەوە دەگەیەنن کە ئەوان ئاگادرای راستی و وردەکارییەکانی پیلانەکەن، و بەڵگەکانی ئەمریکا لەوە دەچن جێگەی گومان نەبن و ئەم کارە پەردە لە سەر رووی راستەقینەی تیرۆریستیانەی تورکیا هەڵدەماڵێ. گومانم لەوەشدا نیە کە لێکۆڵینەوەی فراوان لەم بارەیەوە گەلێ راستیی تریش وەکو پەیوەندی بەرەی تورکمانی بەم پیلان و هەولانەوە و دزەکردنی سیخورانی تورك و دامەزراندنی تۆری سیخوری تورکیی لە کوردستاندا لە ژێر نێو و پەردەی جیاوازدا، ئاشکرا دەکا. کاتی ئەوە هاتوە لە سەردارانمان بپرسین :

ئەرێ تیمی تایبەتی سوپای وێرانکەری تورکیا لە شاری هەڵمەت و قوربانی چی ئەرکێکی مرۆڤانی بەجێ دێنێ ؟

ئایە کاتی ئەوە نەهاتوە داوای کشانەوەی بێ ئەملاو ئەولای سەربازانی داگیرکەری تورکیا و هەموو دەزگا سیخوریەکانی لە کوردستان بکەن؟

کاتی ئەوە هاتوە گەلی کوردستان بە یەك دەنگ داوای کشانەوەی دوا سەربازی تورك لە خاکی کوردستان بکات و دەزگا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی میتینگ و کۆبونەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ساز بکەن و نامە و بیرخەرەوە بۆ سەرۆك و بەرپرسانی ئەمریکا و بەریتانیا و هەموو هاوپەیمانان و پۆڵ برێمەر و هاوکارانی بنێرن و لە دژی ئەوە دەربکەون کە سەربازی تورك بەشداری بکات لە هێزی پاراستنی ئاشتیدا نەك تەنها لە کوردستان بەڵکو لە هەموو عیراقدا.

کورد دەتوانێ ئەم پیلانە نوێیەی تورکیا باش بەکار بێنێ بۆ قایل کردنی ئەمریکا بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورك لە کوردستان و ئیدی لە ئەورۆ بەدواوە هیچ کەسێ ناتوانێ پاکانە بۆ هەڵوێستی لاوازی سەردارانی کورد بکاو و بەوە قایلمان بکا کە دەبێ دڵی تورکیا رابگرن چونکە دەتوانێ ئەزمونە (ساواکەمان !!) لە نێو ببا و کوردستان لە برسا بکوژێ ☐ . تاد ئەو باڵۆریە سواوە کە لە بازاری ئەورۆی سیاسەتدا کەس بە فلسێکی قەڵب ناکرێ. ئەورۆ و لە دوا رۆژدا ئەوەندەی تورکیا پێویستی بە کوردستان دەبێ لە باری ئابوری و بازرگانیەوە کورد نیوئەوەنە پێویستی بەو نابێ.

پێموایە خەڵکی کوردپەروەری هیچ شارێکی کوردستان ئامادە نین شارەکەیان بکرێتە بنکەی سیخوری و پیلانی رەشی دژ بەکوردی تیمی تایبەتی و میتی تورك و پاسداران و ئیتلاعاتی ئێران و موخابەراتی سوری و هیچ لایەنێکی دی. دەبێ میدیای ئازاد ئەگەر هەیە تیشك بخاتە سەر ئەو بنکانە و بە خەڵکیان بناسێنێ بۆ ئەوەی بەدزی ئەوانە و بەبێ ئاگادارییان گەرەکانیان نەبن بە بنکەی دوژمنانی کورد و تیم و باندی پیاوکوژان.